# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٨٠ | یەکشەممە ١٥ی ڕەزبەری ١٤٠٣ _ ٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٤

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا


## لە هەرکوێ تێرۆر هەبێت، کۆماری ئیسلامی لە پشتیەتی



پۆلیسی سوئێد ڕایگەیاندوە هێرشەکانی سەر باڵوێزخانەکانی ئیسرائیل لە سوئێد و دانمارک بە بڕیاری کۆماری ئیسلامیی ئێران کراون. پۆلیسی سوئێد دەڵێ کۆماری ئیسلامی بەکرێگیراو و جینایەتکارە خۆولاتییەکانی بۆ کردەوە تێرۆریستییەکانی بەکرێ گرتوە، ئەوەش لە ئاکامی لێکۆڵینەوە لە باندێکی تاوانبار دەست کەوتوە کە بە شێوەی نیابەتی پلانەکانی کۆماری ئیسلامییان جێبەجێ کردوە و لەلایەن پۆلیسی سوئێدەوە بە تاوانی کردەوەی تێرۆریستی دەسبەسەر کراون.

لێکۆڵینەوەی ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ولاتانی ڕۆژئاوا دەریانخستووە کە ئەو شێوازە دەستی کۆماری ئیسلامیی ئاوەڵا کردوە هەتا هەم بە ئامانجەکانی بگات و هەم خۆی لە لێکەوتەی کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕزگار بکات، بەڵام ناوەندەکانی هەواڵگریی ئەو ولاتانە توانیویانە شوێنپێی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئەو تێرۆر و کردەوە تێرۆریستییانەدا بدۆزنەوە. هەواڵدەریی ڕۆیتێرزیش بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەی دادگاکان و ناوەندەکانی هەواڵگری باسی لەوە کردوە کە کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ٢٠٢٠دا لانیکەم ٣٣ لە هەوڵی تێرۆریستی و ڕفاندنی دژبەرانیدا دەستی هەبووە.

# ماکەی تێرۆر و شەڕئەنگێزی بەرەو لێواری داڕمان

◆ سەروتار

## بەرەو کوێ؟

کەریم پەرویزی

چیرۆکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چیرۆکی ستەمکاری و بێدادی لەلایەک و ئەمنییەت و گەشەکردن لەلایەکی دیکەیە. ستەمکاری و بێدادی لە هەر شوێنێک هەبێ، ئەمنییەت و گەشەکردنی کۆمەڵگە لەوێدا کز دەبن، بەڵام دەسەڵاتدارە ملهوڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێچەوانەی ئەوە بیر دەکەنەوە!

ملهوڕانی وەکوو دەسەڵاتی پاڵەوی یان ڕێژیمی ئەسەد و بەعسی عێراقی و لەم چوار دەیەشدا ڕێژیمی کۆلۆنیاڵیستیی ویلایەتی فەقیهی، پێیان وایە بە زۆرەملێ و بە سەرکوت دەتوانن ئەمنییەتی خۆیان دابین بکەن و ئابووریی حکومەتەکەشیان بەرەوپێش ببەن؛ خۆ گەر ستەم و بێدادیشیان کرد، ئەوە لە پێناو دابینکردنی ئەمنیەتی و ئاسایشدا بووە! پێیان وا نییە کە دابینکردنی ئەمنیەتی درێژخایەن بە بەشداریی خەڵک دەکرێ و گەشەی ئابوورییش بۆ گەشەی ژیانی خەڵکە نەک دابینکردنی بوودجە بۆ حکوومەت و هێزە سەرکوتکەرەکانی!

هەر لەو ڕوانگەیەوە ڕێژیمێکی ستەمکاری وەکوو ڕێژیمی خومەینی- خامنەیی، تێزی ئەمنییەت و مانەوەی خۆی بەوە بەستووەتەوە لە ناوچە و دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بەردەوام قەیران هەبێ تاکوو ئەمان وەکوو حاکمانی تاران، جەزیرەی ئەمنی ناوچەکە بن. هەم خەڵکی نێو سنووری ئێران لە ئاڵۆزیی ناوچە بترسن و بڵێن نامانەوێ ئەو ئاڵۆزییانە بێتە نێو ماڵەکەمانەوە و هەم ولاتانی ڕۆژاوایی و ئورووپا و ئامریکا لەوە نیگەران بن لە ڕۆژهەڵاتی پڕ ئاڵۆزیدا ئێرانی ئەمن و ئارامگرتوو نەشێوێ و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست یەکسەر نەبێتە دەریای نائارامی! هەر بۆیە تاران بەردەوام دەستی لە قەیران خوڵقاندن لە دەوروبەردا هەبووە و لە ترسی سەرهەڵدانی خەڵکی نێو ئێرانیش بووبێ، دەیەوێ لە دەرەوی سنوورەکانی دەستی لە تاواندا هەبێ تاکوو خەڵکی نێوخۆ چاوترسێن بێدەنگ بکا.

بڕگەیەکی دیکەی مێژووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ هەڵدرایەوە و ئەم وەرزە نوێیە نەزمی نوێش بەدوای خۆیدا دێنێ. لە کاتێکدا کە ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی ئیسراییل و ولاتانی عەرەبی بەڕێوە دەچوون، ڕێژیمی ئێران بۆ تێکدانی ئەو ڕەوتی ئارامکردنەوە و ئاساییکردنەوە، حەماسی هان دا تاکوو بە قیمەتی تێداچوونی خۆی و غەزە، پێشی ئەو ڕەوتە بگرێ و ناوچە کەوتە شەڕێکی لەناکاوی دیکەوە.

ڕووداوی ٧ی ئۆکتۆبر و ئەو تاوانانەی لە ڕۆژەدا ڕوویان دا، ڕای گشتیی ئیسراییلی بەتەواوی شڵەژاند. بەدوای ئەودا ڕۆژی دواتری حیزبوڵڵا دەستی کرد بە کاتیۆشا و مووشەک پێوەنان کە گوایە پشتیوانیی غەزە و کارەکانی حەماس دەکا! حووسیەکانیش جار جار مووشەک و درۆنێکیان بە ئیسرائیلەوە دەنا و گرووپەکانی سەر بە تارانیش لە عێراقەوە ناوە بە ناوە خۆیان تێکەڵی ئاڵۆزیەکان دەکرد! ڕێژیمی ئیسلامیی تارانیش بەڕاشکاوی باسی لەوە دەکرد کە پشتیوانی ئەو کارانەیە و چەک و پارەشیان پێ دەدا! خەونی ئاڵۆز و ترسناک و کابووسی ئیسراییلیەکان وەڕاست گەڕابوو! شەڕی مان و نەمان دەستی پێ کردبوو.

کۆماری ئیسلامی پێی وابوو بە هێزە دەسکردەکانی دەوری ئیسرائیلی داوە و وردە وردە لە نێو شەڕدا دەیتوێنێتەوە و خۆیشی لە دوورەوە ......

درێژە بۆ لاپەڕەی ٢




## پارلمانی لیتوانی: سپای پاسداران ڕێکخراوێکی تێرۆریستییە

پارلمانی لیتوانی ڕۆژی پێنجشەممە، ١٢ی ڕەزبەر بە دەرکردنی بڕیارنامەیەک بە زۆرینەت دەنگی نوێنەران سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی ناساند. لەو ڕاگەیەندراوەدا هاتوە کە پارلمانی لیتوانی سپای پاسداران لەسۆنگەی پشتیوانی و تەیارکردنی گرووپە تێرۆریستییەکانی ناوچە، بە بارمتەگرتنی سیستماتیکی هاوولاتییانی بیانی بۆ باجوەرگرتن و هێرشە تێرۆریستییەکانی خستووەتە لیستی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانەوە.

لەو بڕیارنامەیەدا ئەوەش هاتووە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر لە ٤٥ ساڵە سیستماتیک نەیاران و دژبەرانی سەرکوت دەکات، سیاسەتی هەڵاواردنی لەدژی ژنان بەڕێوە بردوە و مافە سیاسی و مەدەنییەکانی خەڵکی ولاتی پێخوست کردوە و بە توندترین شێوە بەرسڤی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی داوەتەوە کە ئەو سەرکوتکردنە لە بزووتنەوەی ژینادا گەیشتە لووتکە. کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرەوەستی بەڵێنەکانی خۆی لەسەر بنەمای بەرخام نەبووە، پەرەی بە پیتاندنی ئۆرانیۆم بە خەستیی زۆر داوە و هاوکارییەکانی خۆی لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتوم ڕاگرتوە، هەروەها دەستی سپای پاسدارانی بۆ هەموو تاوان و جینایەتێک لە دنیادا ئاوەڵا کردوە. بۆیە پارلمانی لیتوانی لەسەر ئەو باوەڕەیە سپای پاسداران ڕێکخراوێکی تێرۆریستییە و چالاکییەکانی هەڕەشە بۆ سەر ئەمنییەت و سەقامگیریی نێودەوڵەتییە

پارلمانی لیتوانی هاوکات دوای لە یەکیەتیی ئورووپاش کردوە سپای پاسداران بخاتە لیستی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانەوە و هەموو ولاتانی دێموکراتیکی بانگهێشت کردوە هەنگاو بۆ ناساندنی سپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی هەڵبگرن. ئەو بڕیارەی پارلمانی لیتوانی نیشانەی بەردەوامیی هەوڵە سیاسییەکان دژی کۆماری ئیسلامیین.

## هەرەسهێنانی سیاسەتی ناوچەیی ڕێژیم کۆماری ئیسلامیی بەرەو هەڵدێر بردوە

شەڕی غەزە لەنێوان ئیسرائیل و حەماس لە ئێستادا شەڕێکی بەربڵاوی ناوچەیی لەنێوان ئیسرائیل و گرووپە نیابەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لێ کەوتووەتەوە. خامنەیی بیری لەوە نەکردبۆوە کە لە بەردەوامیی ئەو شەڕەی لە ٧ی ئۆکتۆبری ساڵی ڕابردوو لەدژی ئیسرائیل هەڵی ئایساند، لە ماوەی ساڵێکدا سەرۆکی حەماس، سەرۆکی حیزبوڵڵا و سەدان فەرماندەی نیزامیی پایەبەرزی سپای پاسداران و گرووپە نیابەتییەکانی دیکەی لە دەست دەدا و ئاگری شەڕەکە خەریکە بە تەواوی لە خەرمانی خۆی بەر دەبێت. خامنەیی پێی وابوو دوای هێرشەکەی ٧ی ئۆکتۆبەر و تێکەڵچوونی نێوان حەماس و ئیسرائیل و بەدەمەوە هاتنی ناوەناوەی حیزبوڵڵای لوبنان، حوسییەکانی یەمەن و گرووپە شیعییەکانی عێراق، دەتوانێ دۆخەکە بۆ دیپلۆماسیی گوشار لەسەر ڕۆژئاوا بقۆزێتەوە و بەوە هەم دەروویەک بە ڕووی پەروەندەی ئەتومیی ڕێژیمەکەیدا بکاتەوە، هەم لەپێناو بەهێزکردنی پێگەی خۆی کۆمەڵە ئیمتیازێک لە ڕۆژئاوا وەردەگرێ؛ بەڵام بەسەر دۆخی پێچەوانەدا کەوتوە.

کۆماری ئیسلامی لەو شەڕەی هەڵیگیرساند، هەتا ئێستا نەکهەر هیچ دەسکەوتێکی نەبووە و ئاچمەز کراوە، نەک سوپاکانی لە لوبنان، فەلەستین و یەمەن لەبەریەک هەڵتەکاون؛ بەڵکوو بۆخۆیشی کیش دراوە. بە واتایەکی دی تەواوەتیی سیاسەتی ناوچەیی کۆماری ئیسلامی هەرەسی هێناوە و خەریکە ڕێژیم بەرەو لێواری داڕمان دەبات. ماوەتە ئاخۆ خامنەیی وەک خومەینی جامی ژارەکە فڕ دەکا، یان هەموو قەیرانەکان بەسەر خۆی و ڕێژیمەکەیدا وێران دەکات. لایەنێکی دیکەی ئەو شکستە بۆ کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە ڕێژیم هەتا ئێستا لەسۆنگەی نەبوون و لەدەستدانی ڕەوایی لە نێوخۆی ولات دەیهەویست بە بەکارهێنانی میلیشیا و گرووپە نیابەتییەکانی هاوکێشەکانی ناوچە و جیهان لە بەرژەوەندیی خۆی بگۆڕێ. بەڵام ئێستا بە تێکشکانی ئەم گرووپانە قووڵایی ستراتیژیی کۆماری ئیسلامییش هەرەسی هێناوە.


دکتۆرینی سەپاندن و ئاژاوەگێڕیی ڕێژیمی ئێران — ئازاد مستۆفی — ٣

دیکتاتۆر تەنیا، داماو و کلۆڵ! — ڕەزا دانشجوو — ٥

ڕۆژهەڵات و نیکرۆپۆلەتیکی دەوڵەت — د. ئەحمەد محەممەدپوور — ٧

دیپلۆماسی، شێوازێکی خەبات بۆ ماف و ئازادی — ناسر ساڵحیئەسڵ — ٨

بۆچی خەڵکی ئێران بە کوژرانی نەسروڵڵا خوشحاڵن؟ — مەنسوور مروەتی — ١٠

# بۆچی خەڵکی ئێران بە کوژرانی نەسروڵڵا خۆشحاڵن؟



مەنسوور مروەتی

کاردانەوەکانی دوای کوژرانی حەسەن نەسروڵڵا، سکرتێری گشتیی حیزبوڵڵای لوبنان و چەندین بەرپرسی ئەو ڕێکخراوە لە لایەن ئیسرائیلەوە، هەروا درێژەی هەیە و لەو نێوەشدا ئەوەی زیاتر جێگای هەڵوێستە لەسەرکردنە کاردانەوەی حکوومەتی ئێران لە لایەک و خەڵکی ئێران لە لایەکی دیکەیە.

ئەوەی ڕوونە دەوڵەتی ئیسرائیل لەم چەند ساڵەی دواییدا و بەتایبەتی لە پاش ڕووداوی حەوتی ئۆکتوبرەوە واتە پەلاماری حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، بەردەوام بەشێوەی جۆراوجۆر هێرشی کردووەتە سەر بەرپرسانی حەماس و فەرماندەرانی سپای پاسدارانی ئێران و لەم دواییەشدا حیزبوڵڵای لوبنان و بە دەیان کەس لە بەرپرسان و فەرماندەرانی ئەو هێزانەی کوشتوە کە لە سەرووی هەموویانەوە کوژرانی ئیسماعیل هەنیە، سەرۆکی حەماس لە تاران و حەسەن نەسروڵڵا، سکرتێری حیزبوڵڵا لە بەیرووت بوو. لەم بارەوە هەرچی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییە لە دوای کوژرانی قاسمی سولەیمانییەوە تا دەگاتە سمایل هەنیە و پاسدارەکانی دیکەیان بەردەوام هەڕەشەی تۆڵەی قورسیان لە ئەمریکا و ئیسرائیل کردوە، بەڵام تا ئێستا بەکردەوە نەیانتوانیوە کەمترین زەرەر لە ئەمریکا و ئیسرائیل بدەن. بە جۆرێک کە ئێستا باسی تۆڵەی قورس لە نێو ئێرانیەکاندا بووەتە گاڵتەجاڕ و بەردەوام بە چاوی حکوومەتی تارانیدا دەدەنەوە. ئێستا ئیتر بۆ خەڵک و بەگشتی بۆ ئەوانەی بەدواداچوونی ڕووداوەکانی ئێران دەکەن بەتەواوی دەرکەوتووە کە حکوومەتی ئێران تەنیا بۆ سەرکوت و ئیعدام و ڕاوەدوونانی خەڵکی وڵاتەکەی ئازایە دەنا بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆی و بەتایبەت لە بەرانبەر ئەمریکا و هاوپەیمانان و بەتایبەتیتر لە بەرانبەر ئیسرائیلدا شێرەبەفرینەیەک زیاتر هیچی تر نییە. ترس و خۆفی خامنەیی لە کاتی خوێندنی نوێژی مردوو لە سەر جەنازەی ئیسماعیل هەنیە لە تاران بەتەواوی نیشاندەری بێ هێزی و ترسنۆکیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەبەرانبەر ئیسرائیلدا بوو.

لە لایەکی دیکەوە هەرچی هەڵوێستی خەڵکی ئێرانە شایی و خۆشحاڵی ئەوانە لە کوژرانی ئەم بەرپرسانەی حیزبوڵڵا و حەماس و هێزە ڕاسپێراوەکانی دیکەی ئێران کە لە سەر حیسابی سەروەت و سامانی ئەمان کاریان بووەتە شەڕ و ئاژاوەنانەوە لە وڵاتانی ناوچەکە و کوشتنی ژن و منداڵی بێتاوان و بەهەدەردانی میلیاردها دولار لە سامانی خەڵکی ئێران. خەڵک لەوە بە باشی تێدەگەن کە وڵاتەکەیان لە ڕیزی دەوڵەمەنترین وڵاتانی جیهانە، ئەی بۆچی کاریان گەیشتووەتە جێگایەک کە هەژاری و نەداری و بێکاری و دەیان و سەدان کێشە و دەردی کۆمەڵایەتی و ئابووری برستی لێ بڕیون و ڕۆژبەڕۆژ ئاستی ژیان و گوزەرانیان دادەبەزێت و چکۆلەترین نارەزایەتییش بەگرتن و زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدام جواب دەدرێتەوە. خەڵک باش دەزانن کە سەروەت و سامانی ئەوان لە جیاتی ئەوەی خەرجی خەڵک و وڵات بکرێ، بەشێکی لە لایەن بەرپرسانی دز و گەندەڵی ڕێژیمەوە دەدزرێ و بەشێکی زۆریشی ڕۆژانە بۆ حەماس و حیزبوڵڵا و حووسیەکانی یەمەن و هێزەکانی هاوشێوەی ئەوان لەم ناوچەیە بەڕێ دەکرێ و ئەوانیان پێ بەخێو دەکرێ. بۆیە خەڵک لە کاتی کوژرانی هەرکام لەمانەدا شایی لە دڵیان دەگەڕێ و خۆشحاڵ دەبن.

خەڵکی ئێران دەپرسن ئێستا کە خامنەیی بۆ کوژرانی حەسەن نەسروڵڵا ٥ ڕۆژ ماتەمینی گشتیی ڕاگەیاندووە ئەی بۆچی حەوتووی پێشوو کە زیاتر لە پەنجا کرێکاری هەژار و زەحمەتکێش لە کانەبەردەکانی شاری تەبەس لە پارێزگای خوراسان گیانیان لە دەست دا، متەقی لێوە نەهات؟ بۆ مەگەر ئەم کرێکارانە مرۆڤ نەبوون؟ دیارە وەڵامەکەی ڕوونە، ئەوەی بەلای خامنەیی و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییەوە گرینگ نییە گیانی و ژیانی خەڵکی ئێرانە و بەکردەوە ساڵەهای ساڵە کراوەتە قوربانیی حیزبوڵڵا و حەماس و هێزە هاوشێوەکانیان. کەواتە حەقی خۆیانە بەپێچەوانەی دیکتاتۆری ترسنۆکی وڵاتەکەیان لەکاتی وادا خۆشحاڵ بن و شایی لە دڵیاندا بگەڕێ.

بەڵام لە کوردستان و سەرەڕای هەموو ئەمانەی کە لە شایی و خۆشحاڵی خەڵک باس کرا، کوژرانی حەسەن نەسروڵڵا بە جۆرێکی دیکەش دڵی خەڵکی پێ گەشایەوە، چونکە حیزبوڵڵا ٣١ساڵ لەوەپێش لە تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات و هاوڕێیانیدا دەوری سەرەکییان گێڕا و چوار ئەندامی حیزبوڵڵا بە کازمی دارابیەوە، تیمی تیرۆرەکەیان پێکهێنابوو و ئەو جینایەتە بەدەستی ئەوان خولقا.

# خەسارناسیی مۆدێرنیتە لە بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا



فارووق سۆهرابی



بەریەککەوتنی کولتووری سێکولاری ڕۆژئاواییەکان (مۆدێرنیتە) و کۆمەڵگەی نەریتی و ئایینی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە یەک سەدەی ڕابردوودا جگە لەوەی بووەتە هۆی دروستبوونی چەندین شۆڕش و گۆڕانکاری (بۆ نموونە، شۆڕشی ساڵی ٢٠١١ی وڵاتی میسر)، هاوکات لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، دژکردەوەیەکی دروست کردوە و ڕاستەوخۆ ئاوی لە ئاشی پێکهاتە نەریتی و کلاسیزمەکان و ئیسلامی سیاسیی (بۆ نموونە ڕێژیمی جمهووری ئیسلامی) کردوە، لە بەر ئەوەی ئیسلامی سیاسیی هاوچەرخ لە بنەڕەتدا ڕەوتێکی پەرچەکردارییە و لە ماهیەتی مەیدانیدا هیچ بەرنامەیەکی بۆ ئاڵنگارییە سەردەمییەکانی جیهانی پێشکەوتوو نییە و بوونیان لەسەر دژایەتی ڕۆژئاواییەکان تەعبیر دەکەن و لە ڕاستیدا فەرهەنگی مۆدێرنیتە بەها و پرەنسیپە نەریتییەکانی جڤاکی ڕۆژهەڵاتی ناوینی بە چالش کێشاوە و ئەو ئاڵنگارییەش دەکرێ کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی خۆی لە چارەنووسی نەتەوەکان دابنێ.

یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا لە پەنا دۆخی ئابووری داڕماو و پێشێلکردنی مافە نەتەوایەتییەکان و هەڵاواردنی سیستماتیکی نەتەوەیی و جێندەری لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، هەڵگرتنی ئایدۆلۆژیای فەرهەنگی مۆدێرنیتە لەلایەن لاوەکانەوە بوو و لە ڕاستیدا لاوان داینامۆ و باڵی پڕاگماتیستی هەر جۆرە شۆڕشێکن و لە بزووتنەوەی ژیناشدا ئەوە ئەو جیلە کە پۆلێنبەندی تەمەنییان لەنێوان ساڵەکانی دەیەی هەشتا و نەوەدی هەتاویدا بوو و بە نەسلی (Z) پێناسە دەکرێن، ڕۆڵی سەرەکی و یەکلاکەرەوەیان هەبوو هەم لە ڕوانگەکانی ڕێکخستن و هەماهەنگی و گشتگیرکردنی جووڵانەوەکە، و بۆ ئیسباتی ئەو گەنگەشەیەش دەبێ هۆکارەکانی هاتن و هەڵگرتنی کلتووری مۆدێرنیتە لەلایەن لاوانەوە ڕوون بکەینەوە کە بریتین لە:

یەکەم؛ فاکتەری کات و تەقینەوە یان شۆڕشی تێکنۆلۆژی لە دوو دەیەی ڕابردوودا؛ خێرایی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی کە بووە هۆی پردی پەیوەندی هەرزان و بە بێ تێچوو لەلایەن کولتوورەکان و بەتایبەتیش لە یەک دەیەی ڕابردوودا بە هاتنە ئارای ئامێرە زیرەکەکان و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی توانیان ژیانی ئاسایی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پێداویستی و خۆشبژێویی هاوتەمەنەکانی خۆیان لە وڵاتانی ڕەهای ڕۆژئاوایی ببینن ، و ئەوە لە کاتێکدابوو کە پێشگرتن بەو ڕوون بوونەوەیە و چاوکرانەوەیە لەلایەن ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بە تایبەتی دیکتاتۆری مەزهەبییەکان، زۆر سەخت بوو، بۆ نموونە کۆماری ئیسلامی سەرەتا هەوڵی دا ئامێرەکانی وەک ماهوارە لە ماڵەکان قەدەغە بکات و لە ئێستاشدا لە هەوڵدایە کە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە فیلتەری ئیدیۆلۆژیکی خۆی بدات، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە نەیانتوانیوە پێش بەو سیستمە گلۆبالیزەیشنە بگرن و لاوانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەچاوکراوەییەک کە خۆیان پێیگەیشتبوون ئەو سیستمە دواکەوتوویانەیان هێنایە ژێر پرسیار، بە هێنانە ئارای کۆمەڵێک داخوازی سەردەم کە بێگوومان ڕێژیمەکانی وەکوو نیزامی جمهوری ئیسلامی لە ماهیەت و توانایان دانەبوو کە وەڵامی ئەو داخوازی و پرسیارانە بدەنەوە و هەموو ئەوانە لە کاتێکدایە کە خێرایی ئەو بەجیهانیبوونە لە خێرایی پێشکەوتنی ئاسایی کۆمەڵگە و سیستەمی پەروەردەی بنەماڵەکان و دەوڵەتەکان زۆر زیاتر بوو و حکوومەتەکان دەرفەتی ئەوەیان بۆ نەماوە کە گەلاڵەی بەرپەرچدانەوەی بۆ دابرێژن و ئەگەر هەوڵێکیشیان دابێ لە حاڵەتی پەرچەکرداری دابوو نەک پێشخستنی وڵاتەکەی خۆیان لە ئاستی وڵامدەربوون بە داخوازییە تازەکان کە لاوان و خوێندکاران لە زانکۆکان و کۆمەڵگە کە ڕێژیمەکانیان پێ بەچالش دەکێشا.

دووهەم؛ شکستهێنانی نۆڕمە نەریتییەکانی کۆمەڵگە و زەبروزەنگ و وەڵامدەرنەبوونی سیستمی حوکمڕانیی ئیسلامی سیاسی؛ یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی مۆدێرنیتە (ڕۆژئاواییەکان) فەردگەرایی بوو کە لەوێدا کەسایەتیی تاک ڕەهاییەکی لە ڕادەبەدەری پێدراوە و ئەو ڕەهاییەش لەسەر ئەساسی ئەو یاسایانەیە کە لەو وڵاتانە پارێزگاریی لە ئازادییە تاکەکەسییەکان دەکات نەک بنەماڵەکان، هەر بۆیە هاتنی ئەو عەقڵیەتە بۆ لاوەکانی کۆمەڵگەی ئێمە، لەگەڵ ئەوەدا لە هەندێک لە لێکدانەوەکانی بەڵگەمەندی زانایانی ناوچەکە لایەنی نەرێنی زیاترە، بەڵام لە هەندێک لاوە بۆتە مۆتەکەیەک بۆ عەقڵییەتە کلاسیزمەکان و دیکتاتۆرییەتەکان، بە هۆی ئەوەی بەشێک لەو سیستەمە دیکتاتۆرییانە مانەوەی خۆیان بە نۆڕمە نەریتییەکانی کۆمەڵگە و ئایینەوە گرێ دراوە و هەتا ئەو نۆڕمانە نەشکێن، ئاستەمە عەقڵیەتی ئیسلامی سیاسیی یان حکوومەتە خۆسەپێنەکان داڕمێن.

لەلایەکی دیکەوە بەها ڕۆژئاواییەکانی سیستەمی مۆدێرنیتە وەکوو دێموکڕاسی، زۆر قورسە جێبگرێ لە کۆمەڵگە نەریتی و مەزهەبییەکان و یان ئەگەریش بە زۆر بەسەریدا بسەپێ، نموونەی وڵاتێکی وەک عێراقی لێ دەردەچێ کە بەڕواڵەت دێموکرات و فێدراڵە و لە ماهییەتدا شتێکی دیکەیە، هەر بۆیە لە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی‌دا ئێمە دیتمان کە لاوەکان بە تایبەتی کچان هاوشانی کوڕەکان لە شەقامەکان و لە زانکۆکان درووشمگەلی پێشکەوتنخوازانە و ڕزگاریخوازانە و ساختار شکێنانەیان بەرامبەر بە دەسەڵات بەکاردەهێنا و داخوازی و خولیاکانیان جگە لە ڕزگاری لەژێر دەستەیی، هاتنی دێموکڕاسی و ئازادی بوو بە تایبەتی ئازادی بۆ ژنان و کۆتاییهێنان بە پێشێلکردنی سیتماتیکی مافی ژن وەک ئینسانێک لەلایەن کلتوورە کلاسیکییەکان و پیاوسالارییەکان و دەسەڵاتە ئایینییەکان.

**دەرەنجام:**

ئەو چین و توێژانەی دەربەندی نۆڕمە نەریتییەکان بوون، کە بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەی کە لایەنگری ڕووخانی کۆماری ئیسلامین وەک دیکتاتۆرێک کە مافی نەتەوەکان پێشێل دەکات، بەڵام نەیانتوانی درووشمی ژن، ژیان، ئازادی و ئەو کلتوورە مۆدێرنیتەی کە پشگیری دەکرد، هەزم بکەن و قبووڵی بکەن و بە شێوەی بەرچاو لەگەڵی نەکەوتن، بۆ ئەو مەسەلەیەش دوو هۆکاری سەرەکی هەبوو کە بریتیین لە:

یەکەم؛ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە هەندێک حەڕەکەتی خۆڕسکی بۆ نموونە؛ فڕێدانی لەچکە و سەرپۆش لەلایەن ژنانی پەیوەستبوو بە بزووتنەوەکەی قۆستەوە و خێرا بە هەموو توانای خۆی هەوڵی ئەوەی دا کە کۆمەڵگەی زۆرینە مەزهەبی و نەریتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانی بەو ئاقارەدا چەواشە بکات، کە بەڵێ هەموو داخوازی ئەو لاوانە و ئەو شۆڕشە بێ حەیایی و نفووزی کلتووری بێ بەند و باریی ڕۆژئاواییەکانە و بە جۆرێک موهەندیسی پێچەوانە شۆڕشەکەی کرد کە داخوازییە نەتەواتییەکانی لە پەراوێزی خواستەکانی ئازادی ژنان دا پێناسەکرد، بەڵام لە ڕاستیدا هەموومان ئەوە دەزانین کە حەڕەکەتێکی وەکوو فڕێدانی سەرپۆش، بەهانەیەک بوو بۆ دژایەتیکردنی ڕێژیم کە کچە کوردێکی لەسەر شل بوونەوەی سەرپۆشەکەی بە دڕندانەترین شێوە شەهید کرد و ئەساسەن سەرپۆش بوون یان نەبوونی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرەتاوە هەر مەوزووع نەبوو، بەڵام ڕێژیم توانی لانیکەم لەو بارەیەوە شۆڕشەکە بەلاڕێدا بەرێ.

دووهەم؛ بەداخەوە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایەکەوە خوێندنەوەی پێشوەختەی نەبوو بۆ سەرهەڵدانی وەها شۆڕشێک و ئەو دابڕانە چەند ساڵەی نێوانیان، حیزبەکانیان لە کۆمەڵناسی و دەروونناسی واقعیەتی مەوجوودی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوور کردبۆوە، لەگەڵ ئەوشدا کە جەماوەری خرۆشاو و لاوانێک کە داوای پشتیوانییان لەو حیزبانە دەکرد دەرفەتی حەرەکەتێکی مەیدانی بۆ ئەو حیزبانە و هێزی پێشمەرگە نەڕەخسا و پێکهاتە پیاوسالارانە و کلاسیکی حیزبە ڕەسەنەکانی وەک حیزبی دێموکرات لە ڕووی سیستەمی بەڕێوەبەریی نەیانتوانی وەڵامدەری داخوازییەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ لەو شۆڕشە، بە جۆرێک کە زۆبەی شرۆڤەکارانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئەو دەستەواژەیان بە کارهێنا کە خەڵک بە ڕوونبوونەوەیان وەپێش حیزبەکان کەوتوون و پێدەچێ خێرایی ڕەووتی مۆدێرنیتە لە خێرایی پێشکەوتن و نوێبوونەوەی حیزبەکان زیاتر بووبێ، هەرچەندە دەکرێ ئەو بابەتە بە دەرفەت بزاندرێ بۆ حیزبەکان، چوونکی پووتانسیەلی ئەوەیان تێدا هەیە ڕەخنە لە خۆیان بگرن و بەرۆژتر ببنەوە؛ بەڵام بە هیچ شێوەیەک موومکین نییە کە کلاسیکی دیکتاتۆری ئایینی وەکوو کۆماری ئیسلامی لەنێو خۆیدا ڕیفۆرم پێکبێنی و بە خۆیدا بچێتەوە و هەر بۆیە داهاتوو بۆ بزووتنەوەی ڕزگارییخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. هۆکارەکەشی لە واقعیەتی مەیدانی بزووتنەوەی ژینادا دەرکەوت کە کەلێنی ڕێکخستنی هەیە لەنێوان ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شارە گەورەکانی ئێران و نەتەوەی کورد لە ڕوانگەی دەرک و ئیرادەی سیاسییەوە و بە تەواوەتی لە سەرووی باقی نەتەوەکانی دیکەی ئێران دەرکەوت.

## هەینییە خوێناوییەکانی زاهیدان، تاوانێکی هەمیشە زیندوو

٤٧ڕێکخراوی مافی مرۆیی کودستان و ئێران، لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا، جینایەتی هەینییە خوێناوییەکانی زاهیدان و خاشیان مەحکووم کرد و خوازیاری وڵامدەرکردنی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەلایەن کۆمەڵگەی جیهانییەوە بوون. چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ لەم بەیاننامەیەدا وێڕای ئاماژە بە کاریگەریی کۆمەڵایەتیی توندوتیژی کە دەمێنێتەوە، داوایان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردوە ڕێژیمی ئێران بە هۆی پێشێلکردنی بەردەوامی مافی مرۆڤ وڵامدەر بکەن.

لەم بەیاننامەیەدا هاتووە: لە ڕۆژی ٣٠ی سێپتامبری ٢٠٢٢ و پاش نوێژی هەینی لە مزگەوتیی مەکیی زاهێدان، نوێژکەرانی بەلووچ لە ناڕەزایەتیدەربڕین بە بێدەنگیی ڕێژیم سەبارەت بە دەستدرێژیی فەرماندەیەکی پۆلیس بۆ سەر کچێکی مێرمنداڵی تەمەن ١٥ ساڵی بەلووچ و هەروەها بزووتنەوەی ژینا کۆبوونەوەی هێمنانەیان بەڕێوە برد بەڵام هیزە نیزامی و ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم بە تەقەی ڕاستەوخۆ بۆ سەر و چاوی ناڕازییان، کۆمەڵکوژی و جیانەیەتێکی بێوێنەیان لە مێژووی بەلووچستاندا وەڕێ خست.

ئەم توندوتیژییەی ڕێژیم بە ناوی "هەینیی خوێناوی" لە مێژووی بەلووچستان مایەوە و بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوە مافی مرۆییەکان زیاتر لە ١٠٠ کەس لە ژن و منداڵ لەم ڕووداوە دڵتەزێنەدا کۆمەڵکوژ کران و نزیکەی ٥٠٠ نوێژکەریش بریندار بوون کە دەیان کەسیان تووشی قەتعیی نوخاع و کەمئەندامبوونی جیددی بوون و هەندێکیان لەگەڵ کێشەگەلێک بەرەوڕوو بوونەوە کە بە هۆی هەڕەشە ئەمنییەتییەکانەوە نەیانتوانی چارەسەری پزیشکی وەربگرن.

ئەم چالاکانەی مافی مرۆڤ داوایان لە یەکیەتیی ئورووپا و بریتانیا کردووە کە وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دەسەڵاتی دادوەریی خۆیان بۆ پاراستنی گیان و کەرامەتی مرۆیی هاووڵاتییانی بەلووچ و بەدواداچوونی یاسایی بۆ بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران کە لە جیانەیەتەکاندا بەشدار بوونە بەپێی یاسا نێونەتەوەییەکان کەڵک وەربگرن، لێکۆڵینەوەی ساختاری سەبارەت بە دۆخی گشتیی پێوەندیدار بە ناڕەزایەتییەکانی ٢٠٢٢ دەست پێ بکات و سەرکوتی بەردەوام لە بەلووچستان لەوانە دەسبەسەرکرانە سەرەڕۆیانەکانی چالاکان و ڕێژەی زۆری لەسێدارەدانەکان مەحکووم بکەن.

